# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەگەرێکی واقعیە لەچاو مانەوەی لەچوارچێوەی عێراقدا

**سەبارەت بە لێدوانە ناکۆکەکانی نێوان تاڵەبانیو بارزانی**

**زمناکۆ عزیز**

لەدوو چاوپێکەوتنی جیادا کە هەردوکیان ئەمڕۆ 2007/9/15سایتی سبەی بڵاویکردونەتەوە، تاڵەبانیو بەرزانی، یەکێکیان بەهاوبەشی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی تورکیو ئەویتریان بەتەنها تاڵەبانی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئیماراتی ئەنجامیداوە، دوو هەڵوێستی جیاوازو دژبەیەکتر لە نێوان وتەکانی هەریەك لە بارزانی سەرۆکی پارتیو تاڵەبانی سکرتێری یەکێتیدا بەدیئەکرێت. تاڵەبانی لەهەردوو ئەو چاوپێکەوتنانەدا لەسەر خالێکی تایبەت جەخت ئەکاتەوە کە ئەگەری دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ لەکوردستان دوورە لە واقیعەوە، چونکە بەڕای تاڵەبانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەبێت پێشوەخت لەلایەن یەکێك لە دەوڵتە دراوسێکانی وەك تورکیاو ئێرانو سوریاوە پشتیوانی لێبکرێت، وە ئەگەر ئەو پشتیوانیە نەبێت ئەوا خەڵکی کوردستان توانای ژیانو مانەوەیان نابێت، هەرچەندە مەسەلەی بەشە داهاتی عێراقیش کە برەکەی ٪17ی سەرجەم داهاتی عێراقە وەك مەرجێکیتر تەماشا ئەکات. هەرچی بارزانیشە سەرباری ئەوەی کە بڕوای خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەڕاشکاوانە بەیان نەکردوە، بەڵام لەسەر ئەوە ئەدوێ کە دەوڵەتی کوردی زیان بە دەوڵەتانی دراوسێ ناگەیەنێت. وەك بلێت دەوڵەتێکمان هەیەو خەریکین زەمانەتی دەولی ئەدەینە ولأتانی دراوسێ، یان مەرجی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، پێدانی ئەو زەمانەتەیە کە زیانی بەدەوڵەتانی دراوسێ نەبێت!! کە مەعلوم نیە کە ئیسرائیل کام زەمانەتی دا بەدەوڵەتانی عەرەبی، تا بڕیار لەسەر دامەزراندنی بدرێت؟؟

هەمیشە سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد کاتێك قسەوباس دێتە سەر بڕیاردانی خەڵکی لەسەر ئایندەی خۆی، یەکسەر ئەیانەوێ ڕای گشتی ناوخۆییو دەرەکی، بە هەڕەشەو گەمارۆکانی دەوڵەتانی دراوسێ چاوترسێن بکەنو ڕێگا بگرن لەبیرکردنەوە لەدەوڵتی سەربەخۆ، بەوەی کە ئەوان– مەبەست لەولأتانی دراوسێیە– دوژمننو ڕێگانادەنو بەرژەوەندیان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا نیە. کاتێکیش کە مەسەلەی جیابوونەوە لەئارادا نیەو قسە لە پەیوەندیەکانی "هەرێم"ە لەگەڵ دراوسێکانی عێراق، خێرا ئەم قیادەی کوردیە ئەو دەوڵەتانە بە دۆستو براو پشتیوانی خەڵکی کوردستان ناو دەبەن!! لێرەدا لەگەڵ دوو هەڵویستی جیا ڕووبەڕووین، کە یەکێیان ئەوەیە کە دەولەتانی دراوسێ دوژمنمانن و ڕێگەنادەن بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆمان بدەین. ئەویتریشیان مەسەلەی دۆستایەتیو برایەتی ئەو دەوڵەتانەیە لەگەڵ خەڵکی کوردستان. بەڵام ئەم دوو هەڵوێستە قسەی ڕەسمی ئەو دەوڵەتانە نیە، بەڵکو ئەمە گوزارشی تاڵەبانیو بارزانیە، کە مەعلوم نیە کام قسەیەیان ڕاستە؟ ئەوان دوژمنن یان دۆست؟ ئەگەر سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی وەڵامی ڕۆشنی ئەم پرسیارە بدەنەوە ئەوا چیتر ناتوانن بە پێوەری بەدۆست کردنو بەدوژمن کردن، خەڵکی کوردستان لەچاوەڕوانیدا ڕابگرن.

ئێرانو سوریاو تورکیا چۆن ئەتوانن هەڕەشە لەخەڵکی کوردستان بکەنو ڕێگەی دەوڵەتی سەربەخۆی لێبگرن؟ هێرش ئەکەنە سەر سنورەکان؟ لەشکرکێشی بۆ قوڵایی ناو کوردستان ئەکەن؟ گەمارۆی ئابوری ئەخەنە سەر کوردستان؟ سنورەکانیان بەڕووی خەڵکدا دائەخەنو دەرچەیەکمان بۆ نامێنێتەوە کە هەناسەیەکی تیا بدەین؟ یان مەسەلەکە ڕێکەوتنی پێش وەختی سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستانە لەگەڵ ئەو دەوڵتانە کە باسێك لە جیابوونەوەو پێکهێنانی

دەوڵەتی سەربەخۆ نەکەن؟ نەك هەر ئەمەندە بگرە ڕێکەوتنەیشیان هەیە کە ڕێگە بگرن لەهەر دەنگێك کە خوازیاری جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە لەکوردستان.

تورکیا بۆ وەرگرتنی لە یەکێتی ئەوروپا کە یەکێك لەستراتیژیەکانی سەرجەم حکوکەتە یەکلەدوا یەکەکانی ئەو وڵاتەیە، چۆن ئەتوانێ بەبێ پاساوی پاراستنی سنوری خۆی بیانویەك بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان پەیدا بکات؟ وەزعیەتی ئابوری‌و سیاسیەکەی بەئەندازەی قازانجەکانی ئەو ملهوڕیکردنەیە؟ کێشەی علمانیەکانی ناو سوپاو ئیسلامیەکانی فەرمانڕەوای تورکیا، گەورەتر نیە لەمەسەلەی جیابوونەوەی کوردستانی عێراق؟ مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەن‌و گرفتی قوبرس‌و کێشە سنوریەکانی لەگەڵ یۆنان، ڕێگەی بۆ شەڕی دێژخایەنی ئەو وڵاتە لەگەڵ خەڵکی کوردستان هێشتۆتەوە؟...هتد، هەرچی ئێرانیشە کە ئەمڕۆ وەك بەڵایەکی گەورەو پشتیوانیەکی بەهێزی گروپ‌و هێزە تیرۆریستیەکانی دنیا ناوبانگی دەرکردوە، هاوکات لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ناوی زڕاوەو لەهیچ پشتیوانیەکی جەماوەری لەئاستی دنیادا بەهرەمەند نیە، فرسەتی ئەوەی هەیە کە کوردستان بکاتە مەیدانی جەنگ‌و ڕێگە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بگرێت؟ ئەگەر کارێکی ئەوهاش بکات پاساوەکەی چیە؟ چی بەهێزەکەی خۆی ئەلێت کاتێك فەرمانی هێرشکردنە سەر کوردستانیان پێئەکات؟ مەگەر ئەوە خودی ئێران نیە کە دەیان قەیرانی ئابوری‌و سیاسی‌و فەرهەنگی یەخەی پێگرتوەو نزیکەی 70 ملیۆن ئیسانی ووڵاتەکەی خوازیاری لەناوبردنی حکومەتەکەیەتی؟ مەسەلەی چەکی ئەتۆمی‌و کێشەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوو ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکاو دەوڵەتانی غەرب، ڕێگەیەکیان بۆ دەست والابوونی جمهوری ئیسلامی ئێران هێشتۆتەوە؟ سوریاش کێشەی لەگەڵ لوبنان هەیە، لەسەر مەسەلەی عێراق کێشەو ململانێی سەختی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، پەیەوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون ئەچێت، ژێرخانە ئابوریەکەی ڕۆژانە بەرەو خراپتر ئەچێت‌و ئامارەکان نیشانیانداوە کە لەڕووی ئابوریەوە دەوڵەتی سوریا لەسەر پێی خۆی نیەو ئەوە تەنها سیاسەتی وڵاتەکەیە کە حکومەتیان بەپێوە ڕاگرتوە، ئیتر کامەیە ئەو ترسەی کە سەرانی ئەحزابی حاکم لەکوردستان خەڵکی پێ چاوترسێن ئەکەن؟ گریمان ئەو وڵاتانەو لە پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوانیاندا ویستیان بەختی خۆیان تاقی بکەنەوەو مافی بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خود لەخەڵکی کوردستان زەوت بکەن– کەئەمە ئەگەرێکی ناوقعی‌و دووریشە– ئەی باشە خەڵکی کوردستان هەروا دەسەوەستان ئەبن‌و پەرچەکرداریان نابێت؟ خەڵکی کوردستان هێندەی گروپەکانی ناوەڕاست‌و باشووری عێراقی لەدەست نایەت کە ڕۆحی مقاوەمەت‌و وەستانەوەی تیا دروست ببێت‌و لەبەرامبەر هێرشی نارەواو نامرۆیانەی دەرەکی بێتە وەڵام؟ بەڵام ئەوە هەڕەشەکانی وڵاتانی دراوسێ نیە کە ڕێگرە لەبەردەم جیابوونەوەو پێکهێنانی ووڵاتی سەربەخۆ لەکوردستان، بەڵکو ئەوە ڕێگری سەرەکی‌و سات‌و سەودای قازانج پەرستانەی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردە ڕێگەنادات بە وەها بیرکردنەوەیەك. خۆ جیاکردنەوەو بڕیاردان لەسەر یەکێك لەم دوو بەرژەوەندیە جیاوازە، زامنی پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. نەك مانەوە لەچواچێوەی عێراق‌و ژماردنی نەهامەتیەکانی خەڵك.

2007/9/15